# هەندێک زیکر هەیە هەرکەسێک بیانخوێنێت لە پاش هەموو نوێژێک؛ ئەوا بێبەش ودۆڕاو نابێت: (سبحان الله) سی وسێ جار، و(الحمد لله) سی وسێ جار، و(الله أكبر) سی وچوار جار

لە کەعبی کوڕی عوجرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەندێک زیکر هەیە هەرکەسێک بیانخوێنێت لە پاش هەموو نوێژێک؛ ئەوا بێبەش ودۆڕاو نابێت: (سبحان الله) سی وسێ جار، و(الحمد لله) سی وسێ جار، و(الله أكبر) سی وچوار جار».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە هەندێك زیكر هەیە ؛ هەركەسێك بیڵێت دۆڕاو ویەشیمان نابێت، بەڵكو پاداشتی ئەم زیكرانەی بۆ دەنووسرێت، كە لەپاش یەكتر دەووترێن، لەدوای نوێژە فەرزەكان، ئەوانیش بریتین لە: (سبحان الله) سی وسێ جار، واتا: پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە وهەموو عەیب وكەموكورتیەك دوورە لە ئەو زاتە. و(الحمد لله) سی وسێ جار، واتا: حەمد وستایش بۆ الله بە وەسف وستایشێكی كامڵ وتەواو لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزنداناني. و(الله أكبر) سی وچوار جار، واتا: الله لە هەموو كەسێك وشتێك مەزنتر وشكۆدارترە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6259